*Journal of Language Studies.* **Vol.8, No.5, 2024, Pages (143-160)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.5.8**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Verb tenses in passive sentences

**Treefa Mohsen Ahmed***
**Salahaddin University**
**Treefa.ahmed@su.edu.krd**
**&**
**Dr.Abdulla Hussen Raswl**
**Salahaddin University**
**abdulla.raswl@su.edu.krd**

**Received:** 16/ 9/ 2023, **Accepted:** 29/ 10 /2023, **Online Published: 31 / 5/ 2024**

## Abstract

This research demonstrates the tenses and aspects in passive voice in the Kurdish language. The research shows how the patterns and principles of the tenses and aspects and their structures help to distinguish between the passive voice sentences. The research consists of two sections: The first section defines passive voice, describes the peculiarities of passive voice and sheds light on the reasons for passive voice. The second section deals with the tenses differently in terms of their patterns, their order and structure of roots of verb, time morphemes, indicators of passive voice, occurring pronounces peculiar to subject and object, and the time morphemes peculiar to passive voice. The research attempts to illustrate all the structures and each one is explained in a particular table. Also, all the tenses and aspects in passive voice and classified for further clarity. The research concludes with some findings.

**Keywords:** Passive voice, tenses, time morphemes, passive voice indicators

* **Corresponding Author**: Treefa Mohsen Ahmed**, Email:** Treefa.ahmed@su.edu.krd
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

**أزمنة الفعل في الجمل المبنية للمجهول**

**م.م  تريفه محسن احمد**
**جامعه صلاح الدين**
**و**
**ا.د. عبدالله حسين رسول**
**جامعه صلاح الدين**

**المستخلص**
تم تخصيص هذا البحث لوصف و تحليل أزمنة الفعل في الجمل المبنية للمجهول في اللغة الكوردية. يتناول البحث بالإستناد على الصيغ و القواعد الحديثة كيفية تركيب و تميز الجمل المبنية للمجهول من حيث أزمنة الفعل المختلفة من الماضي، المضارع و المستقبل و تحديد أدوات (مورفيمات) المكونة لصيغة كل زمن من هذه الأزمنة و تم توضيح الحالات الموجبة لصياغة الجمل المبنية للمجهول.

تتألف البحث من المقدمة و فصلين، خصص الفصل الأول لتعريف الأفعال المبنية للمجهول بإسهاب و توضيح خصائص هذه الأفعال مع الأسباب المؤدية لتركيب هذه الأفعال و كيفية صياغتها. أما الفصل الثاني، يضم بحث طرق تركيب و صياغة أزمنة الأفعال المبنية للمجهول، دراسة كيفية تحليل و تركيب كل زمن على حدة، من حيث ترتيب و تنظيم مكوناته و المورفيمات الدالة على: (المفعول به، جذر الفعل، الزمن، الفاعل المبني المجهول، الضمائر المتصلة العائدة الى المفعول و التكملة). جرت المحاولة لشرح و بيان كل هذة المكونات و تصنيف الأزمنة بالتفصيل موضحا بالأمثلة المطلوبة و الجداول التخطيطية الموضحة لقوانين صياغة كل زمن من هذه الأزمنة. و اختتم البحث بتقديم أهم نتائج التي توصل اليها البحث مع عرض قائمة بأسماء المصادر البحث و مراجعه.

**<u>الكلمات الدالة</u>:** الفعل المبني للمجهول، أزمنة الأفعال، المورفيمات الدالة على الزمن و المورفيم الدال على الفاعل المبني للمجهول.

**(دەمکاتەکان لە ڕستەی بکەرنادیاردا)**

**م.ی.تریفه محسن احمد**
**بەشی زمانی کوردی ـ کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر**
**&**
**پ.د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ**
**بەشی زمانی کوردی ـ کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر**

**پێشەکی:**
ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (دەمکاتەکان لە ڕستەی بکەرنادیاردا)یە، لە سەر ڕێبازی (وەسفیی شیکاری)یە، تیشکخراوەتە سەر باسکردنێکی کورتی بابەتی بکەرنادیار

لــە زاری ناوەڕاســتی زمــانی کوردیــدا. توێژینەوەکــە دابەشــی ســەر دو بەشــی ســەرەکی کــراوە، لــە بەشــی یەکەمــدا، بکــەرنادیار لــە ڕوی وشەســازییەوە باسکراوە، کــە چــۆن نیشــانەی تایبــەتی (ر) وەردەگرێــت، هــەروەها لــە ڕوی ڕستەســازی و واتاییــەوە خــاوەن شــیکاری و تایبەتمەنــدیی خۆیــەتی و چــۆنیەتیی گــۆڕانی ڕســتەی بکەردیــار بــۆ نادیــار و جێگــۆڕکێی شــوێنی بەرکــار لە ڕستەدا خراوەتــەڕو. لــە بەشــی دوەمــدا بــاس لــە دەمکاتــەکان لــە ڕستەی بکــەرنادیاردا کــراوە. ئەو دەمکاتــانەی لــە ڕســتەی بکــەرنادیاردا بەدیــدەکرێن، وەکــو: (ڕابــردوی نزیــك، ڕابــردوی بــەردەوام، ڕابــردوی تــەواو، ڕابــردوی دور، ڕابــردوی نزیکــی خۆزگــەیی، ڕابردوی تــەواوی خۆزگــەیی، ڕابــردوی دوری خۆزگــەیی، لەگــەڵ ڕانــەبردو و داهــاتو). هــەر یــەکێك لــەم دەمکاتانــەی لــە ســەرەوەدا ناویــانهێنراوە، جگــە لــە شــیکردنەوە و ڕونکردنــەوەی دەمکاتــەکان لــەو جــۆرە ڕســتانەدا، هەوڵــدراوە بــە خشــتەی تایبــەت و ڕون و ئاشــکرا شــێوازی بــەکارهێنان و لایــەنی ڕێزمــانی و دەرکــەوتنی مۆرفیمــە ڕێزمانیــەکانی کــار بخرێنــەڕو، هــەروەها دەرکــەوتن و دەرنەکــەوتنی کەرەســەکانیش لــە ســنوری ڕســتە بکــەرنادیارەکان گرنگییــان پێــدراوە، جگــە لەمانــە لــە خشــتەیەکی تایبەتــدا، گشــت دەمکاتــەکانی ڕســتەی بکــەرنادیار بــۆ دەرخســتنی زیــاتری بابەتەکــە بــە شــێوازێکی کــورت و پوخــت خراونەتــەڕو. لــە کرۆکــی ئــەم باســەدا هەوڵــدراوە بــە کــورتی هــەنگاوەکانی دروســتبونی ڕســتەیەکی بکــەرنادیار لــە ڕســتەیەکی بکــەردیارەوە بخرێنــەڕو کــە پراکتیــزەی ئــەم باســە دەکــات لــە ڕوی زانســتییەوە، بــەوەی کــە ئەگــەر چۆنیــەتیی گــۆڕینی ڕستەیەکی بکــەردیار بــۆ بکــەرنادیار بزانرێــت، ئاســانتر دەمکــاتی ڕســتە دیارەکــە و ڕســتە نادیارەکــەش دەردەکــەوێت، چونکــە گۆڕانکارییــەکان و وردەکارییــەکانی دەمکاتەکــەش دەگرێتــەوە بەتایبــەتی لــە ســنوری فرێــزە کاریەکانــدا، کــە ڕەگــی کــار و مۆرفیمــەکانی کــات و نیشــانەی نادیــاری و شــوێنی ڕاناوەکان دەخرێنەڕو.

**بەشی یەکەم :**

**1- زاراوەی بکەرنادیار:**

نادیــاری، زاراوەیــەکی ڕێزمانییــە، (لــە بکــەرنادیاردا، وەرگــر یــان ئامــانجی کردەکــە لــە ڕێــی کارەکــەوە دەردەخرێــت) (Crystal,2008,p353)، کــاری بکــەرنادیار، ئــەو کارەیــە کــە بکەرەکــەی بــە ئاشــکرا لــە ســەرەتای ڕستەدا دەرناکــەوێت، ڕســتەی بکــەرنادیار، (بــەو ڕستانە دەگوترێــت کــە تێیــدا بــە هــەر هۆیەکــەوە بێــت، بکەرەکــەیان دیــار نیــە)(محەمــەد، 1988،

46) واتــه؛ لــه ڕســتەی بکــەرنادیاردا، بکەرەکــه وەك لــه ڕســتەی بکــەردیاردا، لــه بــەر نەناســراوی، یــان بــه لوتکــەکردنی بــەرکار، بــه ئاشــکرا دەرناکــەوێت، بــەڵام ئەمــه ئــەوە ناگــەیێنێت، کــه بکــەر لــه ڕستەکەدا نیــه، چونکــه ڕســتەی بکــەرنادیار تــەنیا لــه کــاری تێپــەڕ دادەڕێژرێــت و کــاری تێپــەڕیش پێویســتیی بــه بکــەر و بــەرکار هەیــه. لــه زاری ناوەڕاســتی زمــانی کوردیــدا، مۆرفیمــه ڕەســەنەکەی هینــدۆ- ئــەوروپی (ر) ئامــاژە بــه بکــەرە نادیارەکــه دەکــات، واتــه؛ گــوێگر یــان خوێنــەر کــه ڕســتەیەکی بکــەرنادیار دەبیســتێت، یــان دەبینێــت بــه هــۆی دەرکــەوتنی مــۆرفیمی بکــەرنادیار، ڕاســتەوخۆ دەزانێــت کــه کارەکــه تێپــەڕە و بکەرەکــەش بــه هۆکارێــك لــه هۆکارەکــان لــه ڕستەکە لابــردراوە و ئــەو مــۆرفیمی نادیاریــه نوێنەرایەتی دەکات. بۆ نمونە:

مامۆســتاکە نامەکــان دەنوســێت ← نامــەکان دەنوســرێن. (مامۆســتاکە/ بــکەری دیــارە ← ر/ بکەری نادیارە).

مامۆســتاکە نامــەکانی نوســی ← نامــەکان نوســران. (مامۆســتاکە + ی/ بــکەری دیــار ← ر/ بکەری نادیار)

بکــەرنادیار، کردەیەکــه تــەنیا لەگــەڵ کــاری تێپــەڕ دەردەکــەوێت، واتــه؛ تــەنیا لــه کــاری تێپــەڕ دادەڕێژرێــت و هۆکــاری ئەمــەش بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە کــه دەبێــت دو تــوخم: (بــەرکار) و (بکــەر) لــه ڕســتە بکەردیارەکــەدا بونیــان هــەبێت و لــه ڕستەی بکــەرنادیاردا بــەرکار به دیــار دەمێنێتــەوە و هەر بەرکــارە، بەڵام دەبێــتە کــارا (نیهــاد)ی ڕســتەکە، (تەنیــا جیــاوازی لە نێــوان ڕســتەکانی بکــەردیار و بکەرنادیــاردا، گــۆڕانی بــکەرە لە کەســێکی دیــار و ئاشــکرا بــۆ تــوخمێکی نادیــار و دەستنیشــاننەکراو، واتە؛ لە هەردوکیــان بــکەر هەیە، بەڵام لە یەکەمــدا، دەستنیشــانکراوە و لە دوەمــدا، دەستنیشــاننەکراوە، شــتێکی ئاساییشــە کە بــکەر - نادیــار - بێــت، پێویســت بە ڕانــاوی لکــاو ناکــا، بــۆیە ڕانــاوی لکــاوی ســەر بە بــکەر لە ڕســتەی بکەرنادیــاردا نامێنێــت و ڕانــاو لەگەڵ بەرکــار ڕێکــدەکەوێت، بەرکــاریش وەکــو خــۆی هەر بە بەرکاری دەمێنێتەوە)(ڕەسول، ١٩٩٥، ١٧٠).

بکــەرنادیاری وەکــو مــەرجێکی جیاکــەرەوەی کــارە تێپــەڕ و تێنەپــەڕەکان دەردەکــەوێت، ئەگــەر کارێــك نەبێتــە بکــەرنادیار، ئــەوە بــە کــارێکی تێنەپــەڕ دادەنرێــت و تەنیــا کــارە تێپەڕەکان دەبن بە بکەرنادیار:

ـــ شنە ئاوەکە دەخواتەوە. بکەردیار ـــ ئاوەکە دەخورێتەوە. بکەرنادیار.

ــ شنە ئاوەکەی خواردەوە. بکەردیار ــ ئاوەکە خورایەوە. بکەرنادیار.

**2- مەبەستەکانی بەکارهێنانی بکەرنادیار:**

بکەرنادیار، بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەکاردێت:

1- بکەرەکە نەناسرێت، واتە؛ نەزانرێت، کێ کارەکەی ئەنجامداوە، وەك: گەنجێک کوژرا.

2- بکەرەکە ئەوەندە ئاشکرا بێت کە پێویست بە دەرخستن و ناوهێنانی نەبێت. وەکو:

تیرۆریستێک دەستگیرکرا. زۆربەی کات بکەرەکە ئاشکرایە کە (هێزی دژەتیرۆر)ە.

شەقامەکە قیرڕێژدەکرێت. زۆربەی کات بکەرەکە ئاشکرایە کە (شارەوانی ـ حکومەت)ە.

3- گرفت، یان ترس، یان هەر هۆکارێکی تر لە ناوهێنانی بکەردا هەبێت، وەک: پەیامنێرێک ڕفێنرا.

4- بە مەبەستی بەلوتکەکردنی بەرکار، واتە؛ قسەکەر بە مەبەست بەرکارەکە بێنێتە پێشەوە، یاخود بەرکارەکە زیاتر جێی سەرنج، یان مەبەست بێت، وەک: پارەی گەنمی جوتیاران دەدرێت.

5- بە هۆی بەکارهێنانی بکەرنادیار، ڕستەکان زیاتر بەیەکەوە بلکێن، وەک:

بەڵێننامەکە واژۆکرا و درا بە خاوەن پرۆژەکە.

٦- لە دەقی توێژینەوەی زانستی، یان دەربڕینی فەرمیدا پتر زانیارییە باوەکان دەگشتێنرێن و بە بکەرنادیاری دەردەبڕدرێن، وەک: (دەتوانرێت، بوترێت....)، (لە توێژینەوەکەدا وتراوە.. یان ئەوە خراوەتە ڕو...)، (لە کۆبوونەوەکەدا ئەم گرفتانە باسدەکرێن..).

**3- بکەرنادیار لە ڕوی وشەسازی و ڕستەسازییەوە:**

کاری بکەرنادیار، (لە ڕوی واتاوە هاوشانی کرداری کارا دیارە، بەڵام خاوەنی خاسیەتی وشەسازی و ڕستەسازیی خۆیەتی)(حاجی مارف، 2014، 325). لە ڕوی وشەسازییەوە هەندێ تایبەتمەندیی هەیە، وەك: مۆرفیم و نیشانەی تایبەت بە بکەرنادیاریی تێدا دەردەکەوێت، کە بریتییە لە (ر)، هەروەها لە ڕوی دەمکاتەکانیشەوە بۆ ڕابردو مۆرفیمی (ا) و بۆ داهاتو مۆرفیمی (ێ) وەردەگرێت.

بینرا: بین(ڕەگ) + (ر) ی بکەرنادیار + (ا) مۆرفیمی کاتی ڕابردو + Ø بەرکار.

دەبینرێت: (د/ئـ) ە + بین (ڕەگ) + (ر) بکەرنادیار+ (یَ) مۆرفیمی کاتی داهاتو + Ø بەرکار.

نادیاری تەنیا لە کاری تێپەڕەوە دروستدەکرێت، واتە؛ (بەبێ ڕەچاوکردنی تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندن بەڕێوەناچێت. وێڕای ئەوە ڕێژەی کارابزر هەر لە کرداری تێپەڕەوە پەیدادەبێت و پاشگری (- ر)یش نیشانەی ڕێزمانییەتی)(حاجی مارف، 2014، 325).

لە ڕوی ڕستەسازیشەوە، ڕستەی بکەرنادیار بکەرەکەی دیار نیە و بەرکارەکە دێتە سەرەتا و دەبێتە کارا (نیهاد)ی ڕستەکە، بەڵام ئەرکی بەرکاریەکەی نابێتە ئەرکی بکەری. ئەو ڕاناوەی دەگەڕێتەوە بۆ بکەر و پەیوەستە بە بکەر لە ڕستەکەدا نامێنن.

ـــــ ڕابردو: ئەوان گوڵەکانیان فرۆشت. (بکەردیار). ← گوڵەکان فرۆشران. (بکەرنادیار).

ـــــ ڕانەبردو: ئەوان گوڵەکان دەچێنن. (بکەردیار). ← گوڵەکان دەچێندرێن. (بکەرنادیار).

ڕێزماننوسە دێرینەکان، مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیاریان لەگەڵ مۆرفیمی کاتی ڕابردو و مۆرفیمی کاتی داهاتو بەیەکەوە بۆ بکەرنادیار باسکردوە، واتە؛ مۆرفیمی (ر) و مۆرفیمەکانی کاتیان جیانەکردۆتەوە و (را) و (رێ) (امین. ١٩٨٢، ٣٤). یان دەستنیشانکردوە بۆ دۆخی بکەرنادیاری. (نیشانەکانی کاری بزر لە ڕابردودا (ڕا)یە وە لە ڕانەبردودا (ڕێ)) (حەسەن، و ئەوانی تر، 1987، 17). لە بنەڕەتدا، (ا، یَ) مۆرفیمی کاتن، (ا) بۆ ڕابردو و (یَ) بۆ داهاتو و دەکەونە دوای مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیار، واتە؛ (بۆ دروستکردنی کاری نادیار، نیشانەی (ر) بە کۆتایی بناغەی کاری تێپەڕەوە دەلکێنرێت)(یوسوپۆڤا، و. موکریانی، 1988، 89). (ر) وەکو نیشانەیەکی تایبەتی بکەرنادیاری دەردەکەوێت و (دەشێ مۆرفیمی(- ر) بکەین بە نیشانەیەك بۆ ناسینەوەی ئەم جۆرە کارە)( یوسوپۆڤا، و. موکریانی، 1988، 89).

بکەرنادیار،(یەکێکە لە چالاکترینی ڕێگاکانی گۆڕینی هێزی کاری تێپەڕ بۆ کاری تێنەپەڕ، کە بەشی هەرە زۆری کارە تێپەڕەکان بە نادیاریی دەکرێن بە کاری تێنەپەڕ)(ئەحمەد، 2018، 113)، بەڵام ئەم بۆچونە ڕاست نیە، چونکە هەرگیز بکەرنادیار لە کاری تێنەپەڕ دروستناکرێت و دەبێت کارەکە تێپەڕبێت، بۆیە (سوتان) دەکرێت بە (سوتاندن) ئەوسا دەکرێتە بکەرنادیار. وەکو:

خانوەکە سوتێنرا.

خانوەکە دەسوتێنرێت.

(سوتێنرا) و (دەسوتێنرێت) هەرگیز نەگۆڕاون بۆ تێنەپەڕ و هەر تێپەڕن.

سوتێنرا: ڕەگی (سوتاندن) + بکەر (ر) + م.کاتی ڕابردو + ڕ.ك3تاك(خانوەکە) بەرکار.

واتە؛ بکەر و بەرکار هەر ماون و لەئارادان، بەڵام بکەرەکە لە دیارەوە گۆڕاوە بۆ نادیار (ر) و دەشێت ئەم مۆرفیمە بە ڕاناوی نادیاری دابنرێ.

لە ڕوی کەتوار و ڕەوتی ئاخاوتنەوە، ڕستەی بکەردیار و بکەرنادیار بەپێی خواست و پێویستیی ئاخێوەر دێنەئارا و لە ئەنجامی ڕێکاری گۆڕینی بکەردیار بۆ بکەرنادیار نەهاتۆتە دی، بەڵام لە ڕوی ڕێزمانی و فێرکاریەوە دەشێت هەنگاوەکانی ڕێکاری گۆڕینیان ڕاڤە و دەستنیشانبکرێن.

**4- هەنگاوەکانی گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار:**

دەتوانرێت، لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، کرداری گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار لەم چەند هەنگاوەی خوارەوە پوختبکرێنەوە:

١- بکەری ڕستەکە و ڕاناوی پەیوەست بە بکەرەکە لە توخمێکی دیارەوە دەگۆڕدرێت بۆ توخمێکی نادیار کە مۆرفیمی (ر)یە و دەبێتە ڕاناوی بکەرنادیار.

2- دوای ئەوەی بکەردیارەکە بو بە بکەرێکی نادیار، بەرکار دەکەوێتە سەرەتای ڕستە و هەر بە بەرکاری دەمێنێتەوە. بۆ نمونە:

- من ئەم چێشتە ناخۆم.

- ئەم چێشتە ناخورێت.

3- مۆرفیمی بکەرنادیار (- ر) دەچێتە دوای ڕەگی کارەکە.

٤- ئەگەر کارەکە ڕابردو بو (ا)ی مۆرفیمی کاتی ڕابردو دەچێتە دوای (ر)ی مۆرفیمی بکەرنادیار، ئەگەر ڕانەبردو بو مۆرفیمی (ێ)ی داهاتو دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەی مۆرفیمی کاتی ئێستایەکەی ڕانەبردو هەر لە سەرەتای کارەکە دەمێنێتەوە. بە هەمان شێوە لە دەمکاتەکانی تری ڕابردوش مۆرفیمەکانی کارە بکەردیارەکە دەگوازێتەوە بۆ بکەرنادیارەکە.

5- بەرکاری ڕستەکە دەگوازرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستە و ڕاناوەکانی دەستەی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) لەگەڵ بەرکارەکە لە ڕوی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەون.

بۆ نمونە: لە ڕستەیەکی بکەردیاری وەك: (تنۆك گوڵەکانی فرۆشت.) بەم هەنگاوانەی لەسەرەوە باسکرا، دەکرێتە ڕستەیەکی بکەرنادیار:

تنۆك گوڵەکانی فرۆشت.

بکەر بەرکار کار.

لە هەنگاوی یەکەمدا، (تنۆك) کە بکەری ڕستەکەیە و تۆخمێکی دیارە، دەکرێت بە ڕاناوێکی نادیار (ر)، کە (تنۆك) بو بە بکەرێکی نادیار، پێویستی بە ڕاناوی (ی) نامێنێت کە بۆ تنۆك دەگەڕێتەوە، بۆیە لادەدرێت.

(تنۆک + ی) ← (- ر).

لە هەنگاوی دوەمدا، بەرکار (گوڵەکان) هەر بە بەرکاری دەمێنێتەوە، بەڵام هەڵدەکشێت بۆ سەرەتای ڕستە، هەر بە بەرکاریش دەمێنێتەوە.

لە هەنگاوی سێیەمدا، مۆرفیمی کاتی ڕابردو (ا)دەچێتە دوای مۆرفیمی بکەرنادیاری (-ر). لەبەرئەوەی کاری ڕستەکە ڕابردوە، بۆیە پێویست بە (ا)ی مۆرفیمی کاتی ڕابردو دەکات.

لە هەنگاوی دواتردا، بەپێی کەس و ژمارەی بەرکارەکە، ڕاناو بۆ کارەکە زیاددەکرێت. لەبەر ئەوەی (گوڵەکان)، کۆیە، (ن)ی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لە دەستەی ڕێککەوتن وەردەگرێت.

گوڵەکان فرۆش ر ا ن.

بەرکار ڕەگ م.بکەرنادیار م.کاتی ڕابردو ڕاناو.

بۆ کاری ڕانەبردو، بە هەمان شێوە و بەپێی ئەو هەنگاوانە ڕستەکە، بۆ ڕستەیەکی بکەرنادیار دەگۆڕێت. بۆ نمونە:

ـــ ئێمە ئاڵای کوردستان هەڵدەکەین. ڕستەی بکەردیار.

ـــ ئاڵای کوردستان هەڵدەکرێ. ڕستەی بکەرنادیار.

لە ڕستەی بکەرنادیاردا، ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا هەبون، بەرکارە ڕاستەوخۆکە کەسی سێیەم بێت و ڕاناو شوێنی بگرێتەوە، ڕاناوەکە

دەچێتــە کۆتــایی کارەکــە، بەمـــەش بـــەرکارە ناڕاســـتەوخۆکە دەکەوێتـــە ســـەرەتای ڕســـتە بکەرنادیارەکەوە، بۆ نمونە:

ئێمە تۆمان بە پیاو دانا. (بکەردیار) ← (تۆ) بە پیاو دانرای. (بکەرنادیار).

مامۆســتا گزییەکــەی لــە قوتابییەکــە گــرت. (بکــەردیار) ← گزییەکــە لــە قوتابیەکــە گیــرا. (بکەرنادیار).

ئەو ئێوەی بەشەڕ دەهێنا. (بکەردیار) ← ئێوە بەشەڕ دەهێنران. (بکەرنادیار).

لــە بکــەرنادیاردا ئــەو جــۆرە چاوگانــەی وەك (کــردن، خــواردن، دان) ناوێــك بکەوێتــە پێشــیان، وەك: (یـــاریکردن، ســـوێندخواردن، جوێنـــدان)، ئـــەم دارشـــتنانە ئەگـــەرچی لـــە ڕوی وشەســازیەوە لــە شــێوەی چــاوگی لێکــدراو دەردەکــەون، بــەڵام لــە ڕستەســازیدا، وەك دو پارچە ڕەفتاردەکەن و ناوەکەی پێش چاوگەکە چاڵی بەرکاری پردەکەنەوە.

ئازاد یاریی کرد. ← یاری کرا.

تۆ سوێندت خوارد. ← سوێند خورا.

ئەوان جوێنیان دا. ← جوێن درا.

ئێوە ئێشکتان گرت. ← ئێشك گیرا.

**بەشی دوەم: دەمکاتەکان لە ڕستەی بکەرنادیاردا:**

دۆخی بکەرنادیار لە ڕوی دەمکاتەکانەوە، ڕابردو و ڕانەبردو وەردەگرێت. بە شێوەیەك، لە ڕابردو هەمو دەمکاتەکانی (ڕابردوی سادە، ڕابردوی بەردەوام، ڕابردوی تەواو، ڕابردوی دور، ڕابردوی نزیکی خۆزگەیی، ڕابردوی تەواوی خۆزگەیی و ڕابردوی دوری خۆزگەیی)، لەگەڵ ڕانەبردو و داهاتو دەگرێتەوە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1- ڕابردوی سادە:**

ڕۆنـــانی دەمکـــاتی ڕابـــردوی ســـادە لە ڕســـتەی بکـــەرنادیاردا بەم شـــێوەیە: {ڕەگـــی کـــار + مـــۆرفیمی بکـــەرنادیار + مـــۆرفیمی کـــاتی ڕابـــردو(ا) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککەوتـــن بـــەرکار (م، ی، Ø، ین، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| ژ | دەمکاتی ڕابردوی سادە | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری (ر) | مۆرفیمی کاتی ڕابردو(ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هێنرام | هێن | ر | ا | م |
| ٢ | کوژرای | کوژ | ر | ا | ی |
| ٣ | کرِدرا | کرِ+ ناوبڕی(د) | ر | ا | Ø |
| ٤ | شێوێنراین | شێوێن | ر | ا | ین |
| ٥ | ڕوخێنران | ڕوخێن | ر | ا | ن |
| ٦ | نوسران | نوس | ر | ا | ن |

**خشتەی ژمارە (1) دەمکاتی ڕابردوی سادە لە ڕستەی بکەرنادیاردا**

ئەو ڕەگانەی کۆتاییان بە (ر، ڕ)هاتوە، لە کاتی زیادکردنی(ر)ی مۆرفیمی بکەرنادیار پێویستییان بە ناوبڕ دەبێت بۆ ئاسانی دەربڕین. وەکو:(بر+ د + ر+ ا + ڕاناو)، هەروەها ئەو کارانەی خۆیان تێنەپەڕ و دواتر تێپەڕێنراون، لە کاتی وەرگرتنی ڕەگی کارەکان(ا)ی ناو کارە تێپەڕێنراوەکە دەگۆڕێت بۆ (ێ)، بەڵام ئەم (ێ)یە مۆرفیمی کاتی داهاتو نیە، بەڵکو نوێنەرایەتیی هەمان مۆرفیم دەکا لە چاوگە تێنەپەڕە بنەڕەتیەکە، بەڵام بە هۆی بونی (ن)ی چاوگە تێنەپەرە بنەڕەتیەکە واتاکەی سڕکراوە و ئەرکی مۆرفیمی کاتی لەدەستداوە و بوەتە بەشێك لە چاوگە تێپەڕێنراوەکە.

شکان.......شك، شکاندن.....شکێن ← شکێنران. بەڵگەیەکی تر بۆئەوەی کە ئەم (ێ)یە مۆرفیمی کاتی داهاتو نیە لێرەدا، کە دەمکاتەکەی دەگۆڕین بۆ ڕانەبردو جگە لەم (ێ) یە (ێ)ی مۆرفیمی داهاتوش دەردەکەوێت:

شکێنران← دەشکێنرێن.

### 2- ڕابردوی بەردەوام:

شێوەی دارشتنی دەمکاتی ڕابردوی بەردەوام لە ڕستەی بکەرنادیاردا، بەم شێوەیە: {مۆرفیمی کاتی ئێستا + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار + مۆرفیمی کاتی ڕابردو(ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| ژ | دەمکاتی ڕابردوی بەردەوام | مۆڕفیمی کاتی ئێستا | ڕەگی کار | مۆڕفیمی بکەرنادیاری(ر) | مۆڕفیمی کاتی ڕابردو(ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەهێنرام | ە | هێنـ | ر | ا | م |
| ٢ | دەبرای/ دەبردرای | ە | بر+ ناوبڕی(د) | ر | ا | ی |
| ٣ | دەکرا/ دەکردرا | ە | کر+ ناوبڕی(د) | ر | ا | Ø |
| ٤ | دەشێوێنراین | ە | شێوێنـ | ر | ا | ین |
| ٥ | دەڕوخێنران | ە | ڕوخێنـ | ر | ا | ن |
| ٦ | دەنوسران | ە | نوس | ر | ا | ن |

خشتەی ژمارە (2) دەمکاتی ڕابردوی بەردەوام لە ڕستەی بکەرنادیاردا

**3- ڕابردوی تەواو:**

شێوەی داڕشتنی دەمکاتی ڕابردوی تەواو لە ڕستەی بکەرنادیاردا بەم شێوەیە: {ڕەگی کار + مۆڕفیمی بکەرنادیار(ر) + مۆڕفیمی کاتی ڕابردو(ا) + مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)}.

وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| ژ | دەمکاتی ڕابردوی تەواو | ڕەگی کار | مۆڕفیمی بکەرنادیاری(ر) | مۆڕفیمی کاتی ڕابردو(ا) | مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) | مۆڕفیمی کاتی ئێستا(ە) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەخشراوم | بەخشـ | ر | ا | و | Ø | م |
| ٢ | هێنراوی | هێنـ | ر | ا | و | Ø | ی |
| ٣ | نوسراوە | نوسـ | ر | ا | و | ە | Ø |
| ٤ | فرۆشراوین | فرۆشـ | ر | ا | و | Ø | ین |
| ٥ | کێڵراون | کێڵـ | ر | ا | و | Ø | ن |
| ٦ | کوژراون | کوژ | ر | ا | و | Ø | ن |

خشتەی ژمارە (3) دەمکاتی ڕابردوی تەواو لە ڕستەی بکەرنادیاردا

**4- ڕابردوی دور:**

ڕۆنانی دەمکاتی ڕابردوی دور لە ڕستەی بکەرنادیاردا، بەم شێوەیە: {ڕەگی کار + مۆڕفیمی بکەرنادیار(ر) + مۆڕفیمی کاتی ڕابردو(ا) + ڕەگی(بون) + مۆڕفیمی کاتی ڕابردو(و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| ژ | دەمکاتی ڕابردوی دور | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری(ر) | مۆرفیمی کاتی ڕابردو(ا) | ڕەگی(بون) (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابردو(و) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەخشرابوم | بەخش | ر | ا | بـ | و | م |
| ٢ | کردرابوی | کر+ ناوبڕی(د) | ر | ا | بـ | و | ی |
| ٣ | نوسرابو | نوس | ر | ا | بـ | و | Ø |
| ٤ | ڕوخێنرابوین | ڕوخێن | ر | ا | بـ | و | ین |
| ٥ | کێشرابون | کێش | ر | ا | بـ | و | ن |
| ٦ | کوژرابون | کوژ | ر | ا | بـ | و | ن |

خشتەی ژمارە (4) دەمکاتی ڕابردوی دور لە ڕستەی بکەرنادیاردا

**5- ڕابردوی نزیکی/ ئاسایی خۆزگەیی:**

ڕۆنانی دەمکاتی ڕابردوی نزیکی خۆزگەیی لە ڕستەی بکەرنادیاردا بەم شێوەیە: {ڕەگی کار + مۆڕفیمی بکەرنادیار(ر) + مۆڕفیمی کاتی ڕابردو(ا) + مۆڕفیمی ئارایی(بـ) + نیشانەی خۆزگەیی(ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| ژ | دەمکاتی ڕابردوی نزیکی خۆزگەیی | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری(ر) | مۆرفیمی کاتی ڕابردو (ا) | مۆرفیمی ئارایی (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابردو (ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کوژرابام | کوژ | ر | ا | بـ | ا | م |
| ٢ | بەخشرابای | بەخش | ر | ا | بـ | ا | ی |
| ٣ | نوسرابا | نوس | ر | ا | بـ | ا | Ø |
| ٤ | ڕوخێنرابابین | ڕوخێن | ر | ا | بـ | ا | ین |
| ٥ | کێشرابان | کێش | ر | ا | بـ | ا | ن |
| ٦ | بەزێنرابان | بەزێن | ر | ا | بـ | ا | ن |

خشتەی ژمارە (5) دەمکاتی ڕابردوی نزیکی خۆزگەیی لە ڕستەی بکەرنادیاردا

**6- ڕابردوی تەواوی خۆزگەیی:**

یاسای دارشتنی دەمکاتی ڕابردوی تەواوی خۆزگەیی لە ڕستەی بکەرنادیاردا بەم شێوەیە: {ڕەگی کار + مۆڕفیمی بکەرنادیار(ر) + مۆڕفیمی کاتی ڕابردو(ا) + مۆڕفیمی ئارایی(بـ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین،

ن، ن)+ مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــردو(ا) + ناوبڕ(یـــ) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ئێســـتا(ە)}.
وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| ژ | دەمکاتی ڕابردوی تەواوی خۆزگەیی | ڕەگی کار | مۆڕفیمی بکەرنادیاری (ر) | مۆڕفیمی کاتی ڕابردو(ا) | مۆڕفیمی ئارایی (بـ) | مۆڕفیمی کاتی ڕابردو (ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆڕفیمی کاتی ڕابردو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆڕفیمی کاتی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کوژرابامایە | کوژ | ر | ا | بـ | ا | مـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | بەخشرابایتایە | بەخش | ر | ا | بـ | ا | یـ+ناوبڕی(تـ) | ا | یـ | ە |
| ٣ | نوسرابایە | نوس | ر | ا | بـ | ا | Ø | Ø | یـ | ە |
| ٤ | ڕوخێنرابابینایە | ڕوخێن | ر | ا | بـ | ا | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | کێشرابانایە | کێش | ر | ا | بـ | ا | نـ | ا | یـ | ە |
| ٦ | بەزێنرابانایە | بەزێن | ر | ا | بـ | ا | نـ | ا | یـ | ە |

خشتەی ژمارە (6) دەمکاتی ڕابردوی تەواوی خۆزگەیی لە ڕستەی بکەرنادیاردا

لـە دەمکـاتی ڕابـردوی تـەواوی خۆزگەییـدا، دەشـێت (بــ)ی مـۆڕفیمی ئـارایی لـە پـێش ڕەگـی کارەکـــەش دەربکـــەوێت، بـــۆ نمونـــە: (ببەخشـــرایتایە، بنوســـرایە، ببەزێنرانایـــە...)، بـــەپێی شـــێوەزارە ناوچەییـــەکان، جـــۆرێکی تـــری هەیـــە، مـــۆڕفیمی ئارایی(بــــ) لـــە پـــێش و لـــە دوا دوبارە دەبێتەوە: (ببەخشرابایتایە، بنوسرابایە،...).

### 7- ڕابردوی دوری خۆزگەیی:

یاسـای داڕشـتنی دەمکـاتی ڕابـردوی دوری خۆزگـەیی لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا بـەم شـێوەیە: {ڕەگـی کـار + مـۆڕفیمی بکـەرنادیار(ر) + مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـردو(ا) + ڕەگـی (بون(بــ)) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــردو(و) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککەوتـــن (م، ی، Ø، یـــن، ن، ن)+ مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـردو(ا) + ناوبڕ(یــ) + مـۆڕفیمی کـاتی ئێسـتا(ە)}. وەک لەم خشـتەیەدا دەردەکەوێت:

| ژ | دەمکاتی ڕابردوی دوری خۆزگەیی | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری (ر) | مۆرفیمی کاتی ڕابردو(ا) | ڕەگی بون (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابردو(و) | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابردو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی کاتی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بینرابومایە | بینـ | ر | ا | بـ | و | مـ | ا | یـ | ه |
| ٢ | بەخشرابویتایە | بەخش | ر | ا | بـ | و | یـ+ناوبڕی(تـ) | ا | یـ | ه |
| ٣ | نوسرابوایە | نوس | ر | ا | بـ | و | Ø | ا | یـ | ه |
| ٤ | ڕوخێنرابوینایە | ڕوخێنـ | ر | ا | بـ | و | ینـ | ا | یـ | ه |
| ٥ | کێشرابونایە | کێش | ر | ا | بـ | و | نـ | ا | یـ | ه |
| ٦ | گەیێنرابونایە | گەیێنـ | ر | ا | بـ | و | نـ | ا | یـ | ه |

خشتەی ژمارە (7) دەمکاتی ڕابردوی دوری خۆزگەیی لە ڕستەی بکەرنادیاردا

**8- ڕانەبردو:**

ڕۆنـانی دەمکـاتی ڕانـەبردو لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا بـەم شـێوەیە: {مـۆڕفیمی کـاتی ئێسـتا + ڕەگـی کـار + مـۆڕفیمی بکـەرنادیار(ر) + مـۆڕفیمی کـاتی داهاتو(ێـ) + ڕانـاوی لکـاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| ژ | دەمکاتی ڕانەبردو | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری(ر) | مۆرفیمی کاتی داهاتو(ێ) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەبینرێم | ه | بینـ | ر | ێـ | م |
| ٢ | دەگیرێی | ه | گیر | ر | ێـ | ی |
| ٣ | دەنوسرێ | ه | نوسـ | ر | ێ | Ø |
| ٤ | دەکوژرێین | ه | کوژ | ر | ێـ | ین |
| ٥ | دەشۆرێن | ه | شۆ | ر | ێـ | ن |
| ٦ | دەبەخشرێن | ه | بەخش | ر | ێـ | ن |

خشتەی ژمارە (8) دەمکاتی ڕانەبردو لە ڕستەی بکەرنادیاردا

**9- داهاتو (یان مەرجی):**

یاسـای داڕشـتنی دەمکـاتی داهـاتو لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا بـەم شـێوەیە: {مـۆڕفیمی ئارایی(بـ) + ڕەگـی کـار + مـۆڕفیمی بکـەرنادیار(ر) + مـۆڕفیمی کـاتی داهـاتو(ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| ژ | دەمكاتی داهاتو | مۆرفیمی ئارایی | ڕەگی كار | مۆرفیمی بكەرنادیاری(ر) | مۆرفیمی كاتی داهاتو(ێ) | راناوی ڕێككەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ببینرێم | بـ | بینـ | ر | ێـ | م |
| ٢ | ببەخشرێی | بـ | بەخشـ | ر | ێـ | ی |
| ٣ | بنوسرێ | بـ | نوسـ | ر | ێ | Ø |
| ٤ | بڕوخێنرێین | بـ | ڕوخێنـ | ر | ێـ | ین |
| ٥ | بكێشرێن | بـ | كێشـ | ر | ێـ | ن |
| ٦ | بگەیێنرێن | بـ | گەیێنـ | ر | ێـ | ن |

خشتەی ژمارە (9) دەمكاتی داهاتو لە ڕستەی بكەرنادیاردا

لە دەمكاتی ڕانەبردو و داهاتودا، بەپێی ڕێسای دەمكاتەكان لە بكەرنادیاردا پێویستە مۆرفیمی كاتی داهاتو (ێ) لە دوای مۆرفیمی بكەرنادیار دەركەوێت، بەڵام لە چاوگە تێپەڕێنراوەكان و ئەو چاوگە داللییانەی لەپێش (د)ەكە لەناو چاوگەكە (ا)ێك بونی هەیە، ئەوا ئەم (ا)ە دەگۆڕێت و دەبێتە (ێ) و جگە لەمەش لە دوای مۆرفیمی (ر)ی بكەرنادیار مۆرفیمی كاتی داهاتو (ێ) دەردەكەوێت. لەو دو دەمكاتە لە دۆخی بكەردیاریش هەمان دیاردە ڕودەدات. بۆ نمونە:

ناردن ← دەنێردرێن، بنێردرێن.

سوتاندن ← دەسوتێنرێن، بسوتێنرێن.

جێگەی سەرنجە ڕستەی بكەرنادیار لە ڕستەی هەواڵدانی كاتی ئێستا ڕستەی فەرماندان دروستناكرێت، بۆ نمونە:

ئازاد زیرەكە. (ڕستەی هەواڵدان).

نەوزاد مامۆستایە. (ڕستەی هەواڵدان).

ئەم ڕستانە ناكرێن بە بكەرنادیار، چونكە چاوگی (بون) چاوگێكی تێنەپەڕە و ڕستەكان تەنیا یەك كەسی كارایان تێدایە و ناشێت بكرێن بە نادیار. ڕستەی فەرماندانیش ناكرێت بە بكەرنادیار، چونكە ناشێت فەرمان بە كەسێك یان بكەرێك بكرێت، كە نادیار بێت. وەك:

ئازاد نامەیەك بنوسە.

نەوزاد وانەكەت بخوێنە.

یاسای داڕشتنی دەمکاتەکان لە ڕستەی بکەرنادیاردا، وەك لە سەرەوە باسکراوە، لە هەر یەکێك لە دەمکاتەکاندا بەپێی ڕیزبەندیی وەرگرتنی مۆرفیمەکانی کات و وەرگرتنی مۆرفیمی بکەرنادیار شێوەی تایبەتیی خۆیان وەردەگرن. کۆی یاسای دەمکاتەکانی ڕستەی بکەرنادیار لەم خشتەیەی خوارەوە دەخرێتەڕو:

| دەمکاتەکان | | | ڕێسای دروستبونی | نمونە |
|---|---|---|---|---|
| ڕابردو | | ڕابردوی نزیک | ڕەگ(فرۆش)+م. بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابردو(ا)+ڕاناوی بەرکار(ن). | فرۆشران |
| ڕابردو | | ڕابردوی بەردەوام | م.ک.ئێستا(ە)+ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابردو(ا)+ڕاناو. | دەفرۆشران |
| ڕابردو | | ڕابردوی تەواو | ڕەگ(فرۆش)+ م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابردو(ا)+م.ئاوەڵناوی کراو(و)+ م.ئێستا(ە)+ڕاناوی بەرکار(ن). | فرۆشراون |
| ڕابردو | | ڕابردوی دور | ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابردو(ا)+م.ئارایی(ب)+م.ک.ڕابردو(و)+ڕاناوی بەرکار(ن). | فرۆشرابون |
| ڕابردو | ڕابردوی خۆزگەیی | ئاسایی | ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابردو(ا)+م.ئارایی(ب)+م.ک.ڕابردو(ا)+ڕاناوی بەرکار(ن). | فرۆشرابان |
| ڕابردو | ڕابردوی خۆزگەیی | تەواو | ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابردو(ا)+م.ئارایی(ب)+م.ک.ڕابردو(ا)+ ڕاناوی بەرکار(ن)+ م.ک.ڕابردو(ا)+ناوبڕ(ی)+م.ک.ئێستا(ە). | فرۆشرابانایە |
| ڕابردو | ڕابردوی خۆزگەیی | دور | ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابردو(ا)+م.ئارایی(ب)+م.ک.ڕابردو(و)+ڕاناوی بەرکار(ن)+ م.ک.ڕابردو(ا)+ناوبڕ(ی)+م.ک.ئێستا(ە). | فرۆشرابوبانایە |
| ڕانەبردو | | ئێستا و داهاتو | م.ک.ئێستا(ە)+ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.داهاتو(ێ)+ڕاناوی بەرکار(ن). | دەفرۆشرێن |

خشتەی ژمارە (10) دەمکاتەکان لە ڕستەی بکەرنادیاردا

سەبارەت بە دەمکاتەکان لە ڕستەی بکەرنادیاردا، هەردو دەمکاتی ڕابردو و ڕانەبردو(ئێستا و داهاتو) دەگرێتەوە، ڕستەی بکەرنادیار بەپێی ڕستە بکەردیارەکە لە ڕوی دەمکاتەوە، هەمان شێوەی دەبێت، بۆ نمونە:

ڕابردوی نزیك: منداڵەکە نانەکەی خوارد. ← نانەکە خورا.

ڕابردوی بەردەوام: منداڵەکە نانەکەی دەخوارد. ← نانەکە دەخورا.

ڕابردوی تەواو: منداڵەکە نانەکەی خواردوە. ← نانەکە خوراوە.

ڕابردوی دور: منداڵەکە نانەکەی خواردبو. ← نانەکە خورابو.

ڕابردوی خۆزگەیی نزیك: خۆزگە منداڵەکە نانەکەی خواردبا. ← خۆزگە نانەکە خورابا.

ڕابــردوی خۆزگــەیی تــەواو: خۆزگــە منداڵەکــە نانەکــەی خواردبایــە. ⟵ خۆزگــە نانەکــە خورابایە.

ڕابــردوی خۆزگــەیی دور: خۆزگــە منداڵەکــە نانەکــەی خواردبوایــە. ⟵ خۆزگــە نانەکــە خورابوایە.

ڕانەبردو: منداڵەکە نانەکە دەخوات. ⟵ نانەکە دەخورێت.

داهاتو: نانەکان بخۆین. ⟵ نانەکان بخورێن.

ڕســتە بکــەرنادیارەکان، لــەڕوی شــێوازی نــەرێوە بــە هــەمان شــێوەی دەمکــاتی ڕســتە بکەردیارەکــە دەبــن و مــۆرفیمی نــەرێ بــەپێی دەمکاتــەکان دەردەکــەون لــە ڕســتەکاندا، بــۆ نمونە:

ڕابردوی سادە: زەوییەکان فرۆشران. ⟵ زەوییەکان نەفرۆشران.

ڕابردوی بەردەوام: زەوییەکان دەفرۆشران. ⟵ زەوییەکان نەدەفرۆشران.

ڕابردوی تەواو: زەوییەکان فرۆشراون. ⟵ زەوییەکان نەفرۆشراون.

ڕابردوی دور: زەوییەکان فرۆشرابون. ⟵ زەوییەکان نەفرۆشرابون.

ڕابردوی خۆزگەیی نزیك: زەوییەکان فرۆشرابان. ⟵ زەوییەکان نەفرۆشرابان.

ڕابردوی خۆزگەیی تەواو: زەوییەکان فرۆشرابانایە. ⟵ زەوییەکان نەفرۆشرابانایە.

ڕابردوی خۆزگەیی دور: زەوییەکان فرۆشرابونایە. ⟵ زەوییەکان نەفرۆشرابونایە.

ڕانەبردو: زەوییەکان دەفرۆشرێن. ⟵ زەوییەکان نافرۆشرێن.

داهاتو: زەوییەکان بفرۆشرێن. ⟵ زەوییەکان نەفرۆشرێن.

دەمکاتــەکانی ڕســتە بکــەردیارەکان هاوتــا دەبــن لەگــەڵ دەمکاتــەکانی ڕســتە بکــەرنادیارەکانی بەرامبەریان بەپێی ئەو یاسا و ڕێسا تایبەتانەی ئەم دەمکاتانە هەیانە جیادەکرێنەوە.

**ئەنجامەکان:**

1- ڕستەی بکـەرنادیار تـەنیا لـە کـاری تێپـەڕ دروسـتدەبێت، چونکـە لـە ڕستەی کـار تێپـەڕدا دو تـوخم هـەن (بکـەر) و (بـەرکار)، بکەرەکـە دەگۆڕێـت بـۆ نادیـار و دەبێتـە (ر)ی مـۆرفیمی بکەرنادیار، بەرکارەکەش وەکو خۆی بە بەرکاری دەمێنێتەوە.

2- بــەرکار ئــەرکی بــەرکاریی خــۆی لەدەســتنادا، بــەڵام دەبێتــە کــارای ڕســتە و دەچێتــە ســەرەتای ڕســتە، ڕاناوەکــانی ڕێککــەوتنیش(م، ی، Ø، یــن، ن، ن) بــەپێی کــەس و ژمــارەی بەرکارەکە ڕێکدەکەون.

3- هــەمو ئــەو دەمکاتانــەی لــە بکــەردیاردا هــەن، لــە بکەرنادیاریشــدا دروســتدەبن. جگــە لــە دەمکــــاتی ڕانــــەبردو و داهاتو(مــــەرجی)، دەمکاتــــە ڕابردوەکانیش(ســــادە، دور، بــــەردەوام، تەواو، خۆزگەیی) لە بکەرنادیاردا هەن.

4- ڕستەی بکەرنادیار لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا دروستنابێ، چونکە ئەو جۆرە ڕستەیە لە بنەڕەتدا بەهۆی چاوگی (بون) دروستدەبێت کە ڕەگەکەی (ب)ە و دەرناکەوێت.

5- لە ڕستەی فەرماندانـدا بکەرنادیار دروستنابێت، چونکە ناکرێت فەرمان بە بکەرێك بکرێت کە نادیاربێت.

6- بواری ڕودانی دەمکاتەکانی بکەرنادیار، هەمان بواری ڕودانی دەمکاتەکانی بکەرنادیارن.

**سەرچاوەکان:**

**أ- بەزمانی کوردی:**

1- ئەحمەد، جەوهەر. (2018). دووڕەیی کار لە ڕووی هێزەوە لە زمانی کوردیدا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی هیشام ـ مەشهەد ـ ئێران.

2- امین، وریا عمر. (1982). "ڕستەی بکەر نادیار"، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٩٥)، بەغدا.

3- بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول. (2008). نادیاری، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

4- خۆشناو، شێروان حوسێن. (2016). توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا)، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر.

5- حەسەن، کامیل & موکریانی، کوردستانی& ئامێدی، سادق بهائەدین & هەورامی، حەمە ئەمین، (1987). زارەکوردییەکان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

6- حاجی مارف، ئەوڕەحمان. (2014). ڕێزمانی کوردی ــ کردار، بەرگی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر.

7- ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن. (1995)، "مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار"، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

8- مەحویی، محەمەدی. (2020). باری بکەرنادیار، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی.

9- محەمەد، فەرەیدون عەبدول. (1988). "نادیاری"، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

10- یوسوپۆڤا، زەری، و. موکریانی، کوردستان. (1988)، "کار"، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(116)، وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق، بەغدا.

**ب- بەزمانی ئینگلیزی:**

11- Crystal, David.(2008). A dictionary of Linguistics and phonetics, Blackwell publishing, sixth edition.